# سوپەر کیژێ لە هەولێرێ

کامیل محەمەد قەرەداغی

ڕۆژنامەنوس سلێمانی

ڕۆژنامەی ژیانەوە لە لاپەڕە (1)ی ژمارەیەك لە ژمارەکانی خۆیدا لە زاری ماڵپەڕی (پەیامنێر)ەوە هەواڵی کیژۆڵەیەکی هەلێریی بلاوکردەوە , کە گوایە ئەمساڵ بەبێ ئەوەی پێویستی بە فڕۆکەخانە نوێیەکەی هەولێر ببێت, دەمەوبەیانێکی زوو, پاشی نوێژێ لە شەقەی باڵی داوە و بەرەو زیارەتی ماری خودای فڕیوە.

کاك سەرداری برادەرمان کە لە بەشە ئینگلیزییەکەی (ژیانەوە) کاردەکات, کە دەیویست ئەو هەواڵە بکات بە ئینگلیزی و بلاوی بکاتەوە حەزی ئەوەی هەبوو ناونیشانەکەی بکات بە (A super girl flew in Hawleir) چونکە پێیوابوو کە خەڵکانی ئاسایی ناتوانن بفڕن, ئەویك فڕیوە, دەبێ (سوپەر)بێ.

دیارە ڕووحی ئێمە تێکەڵی گرێ و گۆلەکانی سەردەم بووە, کەوتوینەتە پەراوێزی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی قەببەوە کە هەر تەنها گرێچن بوونمان بۆ دەمێنێتەوە لە بەرامبەریاندا.

ئێستە سەردەمی( موعجیزە) نەماوەتەوە, یان هیچ نەبێ زۆر کەم بۆتەوە. بۆیە ئەگەر ڕووحی کیژێکی هەولێر بکەوێتە بەر مەراقی چوونە (حەجێ) ئەمە موعجیزەیەکی تازەیە.

موعجیزەش دەکرێ, لە دوو کەس دەربکەوێ, یەکیان کە تواناکانی لەسەروی تەواوی خەڵکانی ئاساییەوەبێ. ئەوی تریان لەوپەڕی سادەییدابێ و نەگەشتبێتە ئاستی ئاڵۆزییەکانی خەڵکانی تر. واتە توانای خەڵکانی ئاسایی لە زۆنێکدایە, کە ئەگەر وەك هێلێکی ئاسۆیی سەیری ئەو زۆنە بکەین , کەسێ: دەتوانێ شتی نائاسایی بکات کە تواناکانی نەکەوێتە سەر ئەو هێڵە, یان لەسەروییەوەبێ, یان لە خواریەوە.(ئەمە ڕوانینی منە).

بۆ کیژێکی سادەی کوردی گوندنشینی هەولێری برێك ئەستەمە بتوانێت شتی (سەروئاسایی- فەوقولعادە)بکات, ئەمە پتر لەوەدەچێ لەناوبیرێکی سەرونائاساییدا بوبێت بە قوربانی و وون کرابێ.

ئەم سەفەرکردنە بەمشێوەیەی باس دەکرێ, کارێکی ئاسان نییە, مرۆڤ ڕەنگە هەواڵەکە وەك خۆی وەربگرێ و بەبێ لێکۆڵینەوە بلێ دەی با وابێ. بەلام دووایی هەواڵەکە بۆ خۆی دەبێتەوە پرسیارێك و دەکەوێتەوە گینگڵدان.

چونکە چەندان پرسیاری لەسەر دروستدەبێ, سادەترینیان ئەوەیە کە(بلێی بلاوکردنەوەی ئەم هەواڵە دروستکردنی تەمومژێك نەبێت لەسەر ڕوداوی کوشتن و وونکردنێکی ناهەموار کە ئەو کیژە داماوەی تێدا بوبێت بە قوربانی!!)

ئەمە یەکێکی پرسیارەکانە لەسەر دیارنەمانی کیژێ, بەلام خۆ حەجکردنیش سەفەری بێکۆتایی نییە, ئەویش کۆتایی دێت, هیوادارین کیژەکەشمان لە سەفەرەکەی بگەڕێتەوە, حەجەکەی قبولّ بێ,لەگەڵ خۆشیدا بەشی دەرودراوسێ (تەزبیح و کل و کلدان و سیواك و عەتری نێرگز) بهێنێتەوە و بە ئاوایی (گاییینج) شادبێتەوە.

بەڵام ئەگەر خوانەخواستە ئاکامی ئەوی داماو بەوشێوەیەبوو کە پرسیارەکە گومانی بۆدەبات, ئەو کاتە پڕوپاگەیەندەیەکی دیکە بڵاو دەبێتەوە, دەڵێ(ئیلا ماشەڵا, ئەو کیژەی لە گاییینجەوە فڕی بۆ حەج لەوێ بووە بە فریشتەی دەوری بەیت و ئیتر نایەتەوە!).

بەوئومێدەی کیژەکەمان سوپەرکیژ بێت, بۆئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە, نەوەك ببێت بە فریشتە و ئیتر کەس نەیبینێتەوە!!